بەش: مێژوو

کۆلێژ: ئاداب

زانکۆ: سەلاحەدین / هەولێر

بابەت: مێژووی تورکیا و ئێران

پەرتووکی کۆرس: (دکتۆرا) (٢ کاتژمێر)

ناوی مامۆستا: پ.ی.د. کامران محمد حاجی

بکالوریوس: کۆلیژی ئاداب/بەشی مێژوو، ١٩٩٧/٧/٧

ماستەر: کۆلیژی ئاداب/بەشی مێژوو، ٢٠٠٦/٦/١٧

دکتۆرا: کۆلیژی ئاداب/بەشی مێژوو، ٢٠١٣/٧/٢٣.

ساڵی خوێندن: (٢٠٢٣-٢٠٢٤)

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | مێژووی تورکیا و ئێران |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | پ.ی.د.کامەران محمد حاجی |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | بەشی مێژوو/ کۆلیژی ئاداب |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: **kamaran.haji@su.edu.krd** |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | ٢ کاتژمێر |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ٢ کاتژمێر |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | لێرە مامۆستای وانەبێژ پرۆفایەلێک دەنووسێت لەسەر ژیانی ئەکادیمی خۆی (تەنها ئەکادیمی) یان ئاماژە بە **Webpage, Blog, Moodle** دەکات<br><br>**پرۆفایلی مامۆستا :**<br>– ناوی تەواو: کامران محمد حاجی جوکل.<br>– شوێن و بەرواری لەدایکبوون: هەولێر ١/٧/١٩٧٤.<br>– خوێندنی سەرەتایی ١٩٨٠–١٩٨٦،قوتابخانەی بەختیاری سەرەتایی کوڕان.<br>– خوێندنی ناوەندی ١٩٨٦–١٩٨٩،ناوەندی ئیبن خەلەکانی کوڕان.<br>– خوێندنی ئامادەیی ١٩٩٠– ١٩٩٣،ئامادەیی ئازادی کوڕان.<br>–خوێندنی بەکالۆریۆس ،بەشی مێژوو،کۆلیژی ئەدەبیات/زانکۆی سەلاحەددین ١٩٩٣–١٩٩٤/١٩٩٦–١٩٩٧.<br>– خوێندنی بالاّ ( ماستەر) ٢٠٠٤–٢٠٠٦.ماستەر لە مێژووی نوێ .<br>– خوێندنی بالاّ (دکتۆرا) ٢٠٠٩–٢٠١٣. لە مێژووی نوێ.<br>**پاشخانی زانستی و بواری پسپۆری:**<br>ماوەی نزیکەی شەش ساڵ خزمەتم لە سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە هەیە ، بەگشتی وانەی کۆمەلاّیەتیم دەگوتەوە . لەچەند خوولێکی بەهێزکردندا بەشداریم کردووە . هەروەها بەشداریی کردەییم هەیە لە پێشکەشکردنی وانەی نموونەییدا لەسەر ئاستی پەروەردەی هەولێر/٢ دا .لە وەتەی ١٦/٦/٢٠٠٧ یشەوە هاتوومەتە سەرمیلاکی وەزارەتی خوێندنی بالاّ.بەشداریم لەخوولی بەهێزکردن و ڕێگاکانی وانەگوتنەوەدا کردووە .<br>بواری پسپۆرییەکەم ( مێژووی نوێ وهاوچەرخ ) ە ، پسپۆری |

| | |
|---|---|
| وردیشم لە بواری مێژووی کوردستانە لە نێو ململانێ و ڕکابەریتی وڵاتە زلهێزەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا.<br>ناونیشانی ماستەرنامە:( کوردستان لەبازنەی کێشەی ڕۆژهەلاتیدا ١٨٠٠–١٩٠٠ ) –لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی– .<br>–ناونیشانی تێزی دکتۆرا: (کوردستانی عوسمانی لە سیسەتی بەریتانیادا لە سەدەی نۆزدە/لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی).<br>– کوردستان لەبازنەی کێشەی ڕۆژهەلاتیدا ١٨٠٠–١٩٠٠ –لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی– ، ( کتێب ) ، ٢٠٠٧.<br>– چەردەیەکی خێرا لەبارەی مێژووی قوبرس تاکو ساڵی ١٩٧٤ ( توێژینەوە ) ، گۆڤاری مێژوو ،ژ ٢ ، بەهاری ٢٠٠٧ .<br>– کێشەی لیوای ئەسکەندەرونە ١٩١٥–١٩٣٩ (توێژینەوە)،گۆڤاری مێژوو، ژ ٤ ،پایزی ٢٠٠٧ .<br>– کوردستان لە یاداشتی چەند گەڕیدەیەکی ڕووسیدا ( وەرگێڕان ) ، گۆڤاری مێژوو ، ژ ٩ ، زستانی ٢٠٠٩ .<br>– زەوی و گەل و یاسا ( وەرگێڕان ) ، گۆڤاری مێژوو ، ژ ١٣ ، زستانی ٢٠١٠.<br>– کوردستانی عوسمانی لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم تا ساڵی ١٩١٨ – لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی–) ، توێژینەوە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژ: ١٩ ، ٢٠١١ .<br>–مەمدوح سەلیم بەگی وانلی(١٨٩٣–١٩٧٦)/ژیانی و چالاکییە سیاسی و رۆشنبیرییەکانی، توێژینەوە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ: ٤٢، ٢٠١٨.<br>–شاری هەولێر لە یادداشتی گەڕیدە ئەوروپاییەکاندا لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ساتی زانکۆی سەلاحەددین.<br>**ڕوونکردنەوەی کەسیی:**<br>یەکێك لە پرنسیپ و بنەما سەرەکییەکانی زانیاریی مەعریفی بۆ قوتابیان ، بریتییە لە سوودمەندبوونی قوتابی لە سەرچاوەی نوێ و تەکنەلۆژیای تازە (وەکو ئەنتەرنێت ) لەپێنا و وەرگرتنی پەیامی پێویست و زۆرترین زانیاری سوودبەخش.بەشدارییپێکردنی زۆرترین ژمارەی قوتابیان لە وانەکان، ئەنجامدانی کورتە تاقیکردنەوە، پێشکەشکردنی سیمینار و ئامادەکردنی راپۆرت وەکو چالاکی کۆرس.<br>**کۆرس و بواری پسپۆری:**<br>بە لەبەرچاوگرتنی بواری پسپۆری و زانیارییەکان، ئەم کۆرسە خویندنی | |

| | |
|---|---|
| | دکتۆرا بریتییە لە ( مێژووی هاوچەرخی تورکیا و ئێران)ئەمانە و خستنەڕووی زانیاری تازە بە ڕەچاوکردنی توانای تێگەیشتنی قوتابیان و هۆکاری کات و شوێن. |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | تورکیا، بزووتنەوەی کەمالیی، ژیانی حیزبایەتی لە تورکیا، کۆدێتا سەربازییەکان، ڕەزا شای پەهلەوی، موسەددەق، حیزبی توودە، شۆڕشی سپی. |

**١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

- گرنگیی بەرچاوڕوونکردنی قوتابیان و ئاشناکردنیان بە مێژووی تورکیا و ئێرانی هاوچەرخ، ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی لەم دوو وڵاتەدا، لەوەتەی جەنگی یەکەمی جیهانی تاکو نەوەتەکانی سەدەی رابردوو، روویانداوە.

- خستنەڕووی گرنگترین ئەو ڕووداوو پێشهاتانەی لەو ماوە مێژووییە ڕوویانداوە ، لەگەڵ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی ئەو ڕووداو و پێشهاتانە.

**تێگەیشتنی چەمکی سەرەکی کۆرسەکە :**

- پێویستە قوتابی لە ڕێگەی گوێگرتن لە مامۆستا و سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی پێویست ئاشنایەتی لەگەڵ مێژوو و ئەو هۆ کارانەدا پەیدا بکات کەوا بوونەتە هۆی دروستبوونی ڕووداوەکان و پێشهاتەکان .ئەوانەی کەوا ڕاستەوخۆ یان بەشێوەیەکی لاوەکییانە پەیوەندییان بە چارەنووسی مرۆڤ بەگشتی و خوودی قوتابی خۆیەوە هەیە .
- هەوڵدانی قوتابی تاکو لەڕێگەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی زانستییانەوە بچێتە بنج و بناوانی پرسەکان ، لەم ڕووەوە لۆژیك بکاتە پێوەر تاکو ڕاستییە مێژووییەکان ون نەبن و وەکو خۆیان بخرێنە ڕوو .

**بنەما وبیردۆزی کۆرسەکە:**

– وردبوونەوە لە ڕووداو و هەڵوێستە مێژووییە هەستیارەکان، ئەوانەی رۆڵی کاریگەریان بەسەر مێژووی مرۆڤایەتیدا هێناوە، دەکرێ وەکو ئەزموون وەربگیرێن و بە لایەنە ئەرێیەکانیانەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا سوودیان لێ ببینین.
– هەڵوێست و پەرەسەندنە مێژووییەکان، لە هەر بوارێکی(ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری...هتد)دا بێت، بە بەراوردکردنی دەرەنجامەکانیان لەگەڵ ئەوانەی ئەمڕۆدا، دەبنە کەرەستەیەکی بە بایەخ بۆ نەخشەڕێژی و پلاندانان بۆ ئایندە.
– کاری بەگرووپیی و دەستە جەمعی لە نێوان قوتابیاندا بەهەند وەربگیرێت و پەرەی پێبدرێت، چونکە دەکرێ وەکو پرۆسەیەکی هەرەوەزی وەربگیرێت و لە ژیانی ڕۆژانەدا پەیڕەویی بکرێت و دووپات بکرێنەوە.

- **زانینی تەواو بە لایەنە گرنگیەکانی بابەتەکە:**

– وردبوونەوە لە ڕووداو و پەرەسەندنەکانی ئەم دوو وڵاتە، تێگەیشتن لە پاڵنەر و هۆکارە دیار و شارەوە بزوێنەرەکانی پشت ئەم ڕووداو و پەرەسەندنە مێژووییانە، هەمیشە دەبێتە کەرەستەیەکی زانیاری(مەعریفی) بۆ دەرککردن(ادراك) و تێگەیشتن لەو دۆز و پرسە گرنگانەی کەوا هەنووکەیین و مرۆڤایەتییان پێوە سەرقاڵە.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس:**

– بە پشت بەستن بە سەرچاوەی مێژوویی پێویست و بەکارهێنانی ئامراز و هۆکارەکانی وانەگوتنەوە، یەکێك لە ئامانجەکان بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەخشینی زانیاری لەبارەی مێژووی مێژووی تورکیا و ئێرانی هاوچەرخ و گرنگترینی ئەو پەرەسەندن و ڕووداوانەی لەو ماوە مێژووییەدا لەو ماوەیەدا هاتوونەتە پێشەوە، تاکو بەهۆیەوە قوتانبیان بەهرەمەندبن لەو زانیارانیانەی کەوا دەکرێ وەکو کەرەستەیەکی خاوی توێژینەوەی بواری مێژوو لە پێناو گەیشتن بە لێکدانەوەی دروست و زانستیانە بۆ ڕووداو و پێشهاتە مێژووییەکان سوودیان لێ ببینێت.

– بزواندنی قوتابیان و هاندانیان تاکو لە ڕێگای سوودمەند بوونیان لە زانیاری پێویست، بتوانن شرۆڤەی دروست و لێکدانەوەی زانستییانە بۆ ئەو ڕووداو و پێشهاتە بکەن کەوا لە سەردەمی ئێستاماندا و لە جیهان بەگشتی، لە کوردستان و ناوچەکە بەتایبەتی هاتوونەتە پێشەوە. بەمەش لە ڕێگای بەراوردکردن و شەن و کەوکردنی بێلایەنانە و زانستیانەوە دەتوانرێت گرفت و کێشە هەنووکەییەکان چارەسەر بکرێت و ڕێ و شوێنی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

– لەپێناو گەیاندنی پەیام و زانیارییە دەردەست بووەکان، بە پشت بەستن بە خستنەڕووی سەرچاوە سەرەکی و سوودمەندەکان، دەکرێ قوتابیان بەلای خۆیانەوە ببنە ڕەگەزێکی کاریگەر لە پرۆسەی وانەگوتنەوە و سەرنج و تێڕوانینەکانی خۆیان لە بەرامبەر هەر ڕووداو و پەرەسەندنێکدا بخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا وەکو بەشداریکردنێکی کارای ناو پۆل و چالاکییەکانی ڕۆژانە لە پاداشتەکاندا بەهرەمەند دەبن. ئەمەش دەکرێ ببێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ پابەندبوون بەو مەرج و ڕێکارە پێویستیانەی کەوا لەسەر قوتابی خوێندنی باڵا پێویستە لەناو پۆلەکەی بەتایبەتی و خوێندن لە زانکۆ بەتایبەتی پابەندی بێت.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی:**

– لەسەر قوتابیان پێویستە ڕۆژانە ئامادەییان لەناو پۆلدا هەبێت، چونکە هەر ئامادەنەبوونێکیان مانای بێبەشبوونیانە لە وەرگرتنی زانیاری و بەهرەمەندنەبوونیان لە پاداشتی خۆیان لە بەرامبەر چالاکی ڕۆژانەیاندا.

– لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان پێوەرێکی دیکەن بۆ هەڵسەنگاندنی توانای قوتابیان، بۆیە لەسەر قوتابی پێویستە لە تاقیکردنەوەکان ئامادەبێت تاکو بێبەش نەبێت لەو بڕی نمرەیەی بە شێوەیەکی ڕێژەیی، بەپێی چەندێتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان دابەش دەکرێت.

–ئەنجامدانی سمینار و ئامادەکردنی ڕاپۆرت(بەگرووپ یان بە تاکیی) دەکرێ وەکو پێویتییەکی بواری ئەنجامدانی چالاکی قوتابی ئەنجامیان بدات و لە بەرامبەریشدا پاداشتی خۆیان وەربگرن.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

–بەپێی ئەو ڕێنماییانە دەبێت کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەرچووێنراوە.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

- بە پشت بەستن بە دەرەنجامەکانی تاقیکردنەوە و ئەنجامی چالاکییەکانی دیکەی قوتابی وەکو:(چالاکی ڕۆژانە ، ڕاپۆرت نووسین، کیوزەکان، سمینار ئامادەکردن...هتد) دەکرێ دەرەنجامەکانی فێربوونی قوتابییەکان دەست بکەوێت. گرنگترین هەڵسەنگاندنێکیش لەم ڕووەوە بریتییە لە ئاستی تێگەیشتن و فیدباکی قوتابیان بۆ هەر یەکێك

| | |
|---|---|
| له بابەتەکان بەگشتی و هەر باسێکیش بەتایبەتی، مامۆستای بەرپرسی کۆرس دەتوانێت ئەنجامی فێربوونی کۆرسەکە لای قوتابیان بەدەست بهێنێت. | |
| **١٧. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
| **-مێژووی هاوچەرخی تورکیا:**<br><br>**یەکەم/ رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزرانی دەوڵەتی نوێی تورکیا:**<br><br>-جەنگی یەکەمی جیهان و هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی<br><br>-سەرهەڵدانی خەباتی رزگاریخوازی تورکیی (بزووتنەوەی کەمالی)<br><br>-رێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ١٩٢٠-١٩٢٣<br><br>-دامەزرانی دەوڵەتی نوێی تورکیا<br><br>**دووەم/گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە تورکیا١٩٢٣-١٩٣٨**<br><br>-گۆڕانکارییە سیاسییەکان<br><br>-گۆڕانکارییە ئابوورییەکان<br><br>-گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان<br><br>**سێیەم/ژیانی پارتایەتی لە تورکیا١٩٢٣-١٩٦٠:**<br><br>-لە ماوەی فەرمانڕەوایی تاک حیزبیدا<br><br>-لەماوەی فەرمانڕەوایی حیزبی دیموکراتیدا ١٩٥٠-١٩٦٠<br><br>**چوارەم/رۆلی سوپا لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا:**<br><br>-مۆرکی سوپا لە دەوڵەتی نوێی تورکیا<br><br>-رۆلی سوپا لە سیاسەت<br><br>-کۆدێتا سەربازییەکان | پ.ی.د.کامران محمد حاجی |

**پێنجەم/ سیاسەتی دەرەوەی تورکیا:**

-لەسەردەمی فەرمانڕوایی مستەفا کەمال و عیسمەت ئینونۆ

-لەنێوان سالآنی ١٩٥٠-١٩٨٠

-لە دوای کۆدێتای ١٩٨٠ تاکو فەمانڕەوایی داد و گەشەپێدان ٢٠٠٢

**شەشەم/دەوڵەتی نوێی تورکیا و هەڵوێست لە نەتەوە و گروپە ئایینییەکان:**

-هەڵوێست بەرامبەر بە پرسی کورد

-هەڵوێست لە بەرامبەر ئەرمەن

-هەڵوێست لە بەرامبەر عەلەوییەکان

-هەڵوێست لە بەرامبەر جووەکان

## -مێژووی هاوچەرخی ئێران:

**یەکەم/ئێران لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاکو ١٩٢٥:**

-جەنگی یەکەمی جیهان و هەڵوێستی ئێران

-بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی ئێران

-دەرکەوتنی رەزا خان و وەرگرتنی دەسەلآت

**دووەم/پەرەسەندنە ناوخۆییەکان لە ئێران ١٩٢٥-١٩٣٩:**

-پەرەسەندنە سیاسییەکان

-پەرەسەندنە ئابوورییەکان

-پەرەسەندنە کۆمەلآیەتییەکان

**سێیەم/ ئێران لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا١٩٣٩-١٩٤٥:**

-هەڵوێستی ئێران لە جەنگ

-ململانێی زلهێزەکان لە ئێران

-بووژانەوەی بزاڤە نەتەوەییەکان

**چوارەم/ سیاسەتی نەوتیی ئێران:**

-سیاسەتی نەوتی ئێران لە سەردەمی رەزا شادا١٩٢٥-١٩٤١

-پرسی نەوت لە ململانێی زلهێزەکان ١٩٤١-١٩٤٦

-موسەددەق و پرسی نەوت لەئێران

**پێنجەم/ ژیانی حیزبایەتی لەئێران:**

-دیارترین رەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەکان

-رەوتە رادیکالی و مارکسییەکان

-رەوتە ئایینییەکان

**شەشەم/ سیاسەت و پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئێران:**

-لە سەردەمی رەزا شای پەهلەویدا ١٩٢٥-١٩٤١

-لەسەردەمی محەمەد رەزا شادا ١٩٤١-١٩٧٩

**حەفتەم/ شۆڕشی گەلانی ئێران:**

-گرنگترین هێزە بەرهەڵستکارەکان لە ئێران

-شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران

-ئێران لەماوەی ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٨دا

**١٦. لیستی سەرچاوە**

**مێژووی تورکیا:**

-محمد نورالدین، ترکیا الجمهوریة الحائرة

| | |
|---|---|
| | -الدكتور احمد نوري النعيمي، الحياة السياسية في تركيا الحديثة ١٩١٩-١٩٣٨<br>-د.تهاني شوقي عبدالرحمن، نشأة دولة تركيا الحديثة ١٩١٨-١٩٣٨م<br>-د.علي محافظة، تركيا بين الكماليهة والأردوغانية (١٩١٩-٢٠١٤)<br>-دونالد كواترت، الدولة العثمانية ١٧٠٠-١٩٢٢م<br>-الدكتور أحمد نوري النعيمي، الحركات الاسلامية الحديثة في تركيا<br>-دكتور محمد كمال الرسوقي، الدولة العثمانية والمسألة الشرقية<br>-أحمد عبدالرحيم مصطفى، في أصول التاريخ العثماني<br>-مجموعة من المؤلفين، تركبا المعاصرة<br>-سياسة تركيا الخارجية في عصر الشك والغموض<br>-الاستاذ الدكتور ابراهيم خليل العلاف، نحن و تركيا دراسات و بحوث<br>-فلاديمير ايفانيوش دانيلوف، الصراع السياسي في تركيا /الاحزاب السياسية والجيش<br>-الدكتور عثمان علي، حزب العدالة والتنمية في تركيا والمسألة الكردية<br>-مجموعة من الباحثين السوفيت، تاريخ تركيا المعاصر<br>-ميشال نوفل، عودة تركيا الى الشرق<br>-الدكتورة نوال عبدالجبار سلطان ظاهر الطائي،تجربة حزب العدالة والتنمية في تركيا<br>-الدكتور احمد نوري النعيمي، تركيا و حلف شمال الاطلسي<br>--حەمید بۆزئەرسەلان، مێژووی تورکیای هاوچەرخ<br>-کۆمەڵێک نووسەر، تورکیا/ نەبەرد لەپێناو مانەوەدا<br><br>مێژووی ئێران:<br>-سعيد الصباغ، تاريخ ايران السياسي ١٩٠٠-١٩٤١م<br>-لقمان خيالي، الجبهة الوطنية و دورها في السياسة الداخلية الايرانية<br>-شاكر كسرائي، ايران الاحزاب والشخصيات السياسية (١٨٩٠-٢٠١٣)<br>-الدكتور جهاد صالح العمر و اسعد محمد زيدان الجواري، ايران في عهد رضا شاه بهلوي ١٩٢٥-١٩٤١<br>-نعيم جاسم محمد، دراسات في الواقع الاجتماعي والاقتصادي الايراني في العهد البهلوي ١٩٢٠-١٩٧٩<br>-د.علي محافظة، ايران بين القومية الفارسية والثورة الاسلامية<br>-علي حسن علي المكصوصي، بحوث و دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر<br>-محمد فاتح، ژیانی سیاسی لە ئێران سەدەی بیستەم<br>-دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و دکتۆر خەلیل عەلی مراد، مێژووی ئێران و تورکیا<br>-د.یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها، مێژووی هاوچەرخی ئێران<br>-د.امال كامل السبكي، مێژووی سیاسی ئێران لە نێوان دوو شۆڕشدا<br>-د.فازیل ڕەسووڵ، چەردەیەک لە مێژووی بزاڤی شۆڕشگێڕی لە ئێران |

| | |
|---|---|
| | -د.فازيل ڕەسووڵ، عێراق- ئێران هۆكار و رەهەندەكانی ململانێكە<br>-ئەحمەد محەمەد ناسر باوەڕ، دۆزی كورد لە پەيوەندييەكانی عێراق-ئێراندا (١٩٣٧-١٩٤٧)<br>-نعيم جاسم محمد، دراسات في الواقع الاجتماعي والاقتصادي الايراني في العهد البهلوي ١٩٢٠-١٩٧٩ |